مەندەلاوی ستایشی هەوڵەکانی دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری دەکات

ئەمڕۆ چوارشەممە، موحسین مەندەلاوی جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمان، ستایشی هەوڵەکانی دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری کرد لە پشکنینی ناوی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی مەندەلاوی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمان پێزانینی زۆری خۆی بۆ ئەو هەوڵانەی دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری دەربڕی لە پشکنین بە ناوی ئەو کەسانەی کە داوای کاندیدی دەکەن بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان.

بەگوتەی بەیاننامەکە، مەندەلاوی ڕایگەیاند: چالاککردنی ئەم ڕێکارە یاسایانە دەبێتە هۆی پاراستنی ئەزمونی دیموکراسی لە عێراقی مەدەرن و متمانەی هاووڵاتیان بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان و سیستەمی سیاسی زیاد دەکات.

جەختیشیکردەوە: دەرکردنی هەرکەسێك کە سەلمێنراوە پەیوەندی بە ئەزمی دیکتاتۆری بەعسی خوێناوی هەیە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئێرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقییە، هەروەها هەنگاوێکە کە شایەنی ستایشی هەموو لایەك بێت بۆ دەستزیەکی بە هەموو پێکهاتەکانی گەلەکەمان کە ئازاری ئەو سەردەمە تاریکەییان چێشت و بەرگەی ئازارەکانیان گرت، و تێئکیدیشیکردەوە: لەسەر گرنگی هەموو هەوڵە نیشتمانییەکان کە بەشداری بکەن لە پشتیوانیکردن لەم پرۆسەی یاساییە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و

پاراستنی ئەزموونی دیموکراسی.